


سەفەر مەكە
دلّم ئەلّیٚ ناتبینمەوە
فیٚرە گریانیٚكی سەخت بووم
دەستم پیٚ كرد ژیر نابمەوە
دنیا ڕەنگی فرمیٚسكی ئینسانی گرتوە
خۆشەویستی تابووتیٚكە
زۆر كەسی تیا پالٚ كەوتوە
*
سەفەر مەكە
دەبا گۆرانیەكی ترمان بسووتیٚ و
دلٚمان گەرم بكەینەوە
فیٚرین خەمیٚك
هەموو شەویٚ
بەسەر ڕۆحمانا بەینەوە
نەلیٚمان جیائەبیٚتەوە
نەلیٚشی جیا ئەبینەوە
*
ئەم بارانە
هەموو هەناسەكانیشی تەڕكردوە
بەڕووتی لەژیٚر بارانا
ئەستیٚرەكانیش نووستووە
تۆ نانویت و

دڵت، لەشەوە حەسرەتا لێ کەوتوە
بۆیە چاوانت دایە دەست ،
ئەو منداڵەی
کەخۆشی لەم جەنجاڵیەدا لێ وون بووە
*
سەفەر مەکە
دەرگا نیە نەکرێتەوە
تەنها پەنجەرەی ڕۆحی تۆ
جاران کە سەرم ئەنایە سەر شانت
چۆلەکەیەک،
لەلێوەکانت هەڵئەفڕی
دنیا ئەبوو بەڕەنگی تۆ
ئێستا نە تۆ
نەئاوازێ
تێکەڵاوی ڕۆحم نابێ
*
شەوان ورد، ورد لەخۆم ئەخۆم
چونکە نازانم تۆ بۆ کوێ و
ئەمشەویش من ،
بۆ کوێ ئەڕۆم؟!
وەرە ئەم شەو
تاقە گوڵە نیگایەکت
بە پەنجەرەکەما هەڵواسە
ئیتر لای کەس نایگێڕمەوە
دڵم ماتە،
نەک من،
بگرە دنیاش وەک و سەرم
ئەمشەو کاسە
*
باوانی من
ئەوە دەریا،
خۆت نەت ئەوت

ئەیەویٚ بگاتە پانتایی دڵەکەی تۆ
ئیٚستا بۆ بویتە مەزاریٚ
دڵۆپیٚکیش ناگریٚتە خۆ؟
*

**13.04.1987**

جوانەمەرگ ئازاد مەحمود ئاوازی بۆ داناوەو
بەدەنگە خۆشەکەی تۆماری کرد.
سەلاح حەمادی دیسان ئاوازی بۆ داناوەو بەدەنگی
خۆی تۆماری کردوە.